عومەر کەریم بەرزنجی

# سەفەرێک بە ئەلبومی دوێنێدا

چۆن ئەو ئێوارەیەت لە یاد کرد
تارای خەمێکت لە سەرتا فڕێداو
کچێنیت، بەعەلاگەی ژورەکەتا هەڵواسی
مۆمەکان کوژانەوە
چما زوو فێری ژەندنی ئەو شمشاڵەو
سۆزی دەروێشیانەی عەشق و
عیشوەی پڕ ئەفسونی
شەوە سورەکانی لەزەت بوویت.
خۆت دەتگوت، چیدی بەو گۆڕستانە
غەریبەدا تێناپەڕم
لە دەریایەکدا مەلە ناکەم
مەرگ لە دەرگای لەشی ماندوم بداو
مانایەک بۆ ئەم مەرگەمان
لە دووتوێی هیچ فەرهەنگێکدا نەدۆزمەوە.
لە بەردەمی ئەو گۆڕەدا چی دەکەیت؟!
ئەی ئیبراهیم بتەکانی نەرماند!!!
ئیدی بۆ کڕنووش بۆ ئەو بتانە دەبەیت؟
بزمارەکانی ناو لەپم هەڵدەکێشم
قاوەیەک بۆ بەختی خەواڵوم دەگرمەوە
چیتر لەو دەرگایە نادەم
لە پەنجەرەی ماڵە چۆڵەکەی دڵمەوە
هەواڵی ئەو قەیرە کچانە دەپرسم
جەنگ نامەی دۆستەکانی سووتاندن.
خودایە تەیرەن ئەبابیلەکان هێور کەرەوە
خودایە لەناو ئەو دڵۆپە ئاوەدا
کە دەیبارێنی
تۆوی درەختێک چێ بکە
درەختی مەعریفەت
چاوە ماندووەکان رونکاتەوە
دڵە رەشەکان پڕکات لە پرشنگی خۆرهەتاو.